## له دیدارەکانی وەزیری مافی مرۆڤ:
## لەگەڵ وەزیری ژینگە باس لەسەوزکردنی کوردستان کرا



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2007/5/15 د. شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە د. دارا وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد..

لەم دیدارەدا کە ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی هەردوولا ئامادەبوون باس لەدوو تەوەری سەرەکی کرا لەمەڕ پەیوەندیەکانی ژینگە بە مافی مرۆڤەوە کە پاراستنی ژینگە بەندێکە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ،ئەویتریشیان هۆکاری هۆشیارکردنەوەی پاراستنی ژینگە لە هەموو سوچ و کەلەبەرێکی کوردستان کە ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی ترسناك و هۆیەکی سەرەکیش بۆ بڵاوبوونەوەی زۆربەی نەخۆشیەکان...

وەزیری ژینگە رایگەیاند:

کە وەزارەتەکەیان لە هەوڵی بێشوماردایە بۆ بایەخدان بەو مەسەلەیە،چونکە بەرلەهەموو شتێك پاراستنی دارستان و سەوزایی کردنی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەییە،بۆیە لەگەڵ زۆر لایەنی دەرەکی وتووێژیان کردووە کە تاقی کردنەوەکانی وڵاتانی خۆیان بەتایبەت لە ئەورووپاو ئەمریکا بگوازنەوە بۆ کوردستان..

ئەوەشی گوت:

کەپاشەڕۆکی شارەکان مەترسیەکی زۆری دروستکردوە لەسەر ژینگە،سەرباری مەسەلەی ئاوەڕۆکان،چونکە هەندێجار ئاوەڕۆکانی ناوچەکانی نزیك دەریاچەی دوکان دەچێتەوە ناو دوکان و هی دەربەندیخانیش بەهەمان شێوە...

ئاماژەشی بەوەدا کە هەڵکەندنی (9000) بیری ئیرتوازی لە کوردستان کارەساتێکی گەورەی دروست کردووە لە کەمکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی ئەمەش بەشێکە لە دروستکردنی ترسناکیەکە..
لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ستایشی ئەو هەولأنەی کرد و لە وەلاّمی پرسیارەکانی وەزیری میوان لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ...
بەڕێزی بەدرێژی باسی لەو هەنگاوە کردارانەی وەزارەتی کرد کەلەم بوارە ناویەتی و ئەوەشی راگەیاند کە پێشێلکارییەکان لەلایەن دەسەلأتەوە بەرەو کەبوونەوە دەچێت ئەویش بەهۆی ئەو کەش و هەوا کراوەیەی کەلەبواری رادەربڕینی ئازاد بەدیدەکرێ و بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هەموو لایەك هەست بە لێپرسراویەت بکەن...
باسی ئەو یاسایانەشی کرد کەلەم دواییانەدا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو بەتایبەت یاسای لێبوردنی گشتی و یاسای تیرۆر...
ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند..